# پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران

**بەڕێز کاك سۆران عەلیپوور سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران!**

**ئەندامانی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران!**

**بەڕێزان، نوێنەرانی بەشدار لە کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران!**



پێشکەش کردنی بەرێز و تێکۆشەر: سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران "کاك مستەفای هیجری "

له لایەن کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی ئەو کۆنگرەتان لێدەکەم. ئەمن لە نزیکەوە ئاگاداری تێکۆشانی ئێوە بەڕێزان لێرەو لە دەرەوەی وڵات بووم بۆ ئامادە کردنی ئەو کۆنگرەیە. ئێستا زۆر خۆشحاڵم بەوەی کە دەبینم کارو تێکۆشانەکەتان بە نەتیجە گەیشتووەو لە کۆنگرەکەتان دا ئامادەم و شانازی پێوە دەکەم. ئارەزووم ئەوەیە کە کۆنگرەکەتان بە باسی دێمۆکڕاتیك و دیالۆگی سازندە بەو نەتیجە و ئاکامانە بگا کە لە دەستووری کارەکانتان دا پێشبینیتان کردووە و بەو بڕیارانە بگا کە بتوانێ لە پیادەکردنەکەی دا خزمەتێکی گەورە بە رەوتی دێمۆکڕاتیزاسیۆن و بە پێشکەوتنی زیاتری لاوانی کورد لە کوردستانی ئێران یا لە هەر جێگایەك کە هەن، بکا.

له دنیای پێشکەوتوو دا یەکیەتیی لاوان وەکوو زۆربەی رێکخراوە ناحکومی‌یەکان رێکخراوێکی سینفی‌یە و بۆ ویست و داخوازە سینفی‌یەکانی خۆی تێدەکۆشێ. بەڵام دەبینین کە لە ئێرانی بەڵالێدراو دا ئەو رێکخراوە سینفیانەش کار و

تێکۆشانەکانیان دەکێشرێتە مەسایلی سیاسی. ئەوە زۆرتر لـەو واقعییەتـەوە سەرچـاوە دەگـرێ کـە تـا حکوومـەتی کۆماری ئیسلامی و حکوومەتـەکانی لـەو چەشنە بە سـەر چارەنووسـی خەڵکەکـەمان دا زاڵ بـن، خـەون و خولیـای ئـازادی و مـافی هـەموو چـین و توێـژەکانی کۆمـەڵمان بـە ئامانج ناگا. بۆ ئەوەی کـە لاوەکانمان لـە ژێر هـەموو ئـەو چەوساندنەوە و ستەمانەی کە لە ئێران و کوردستان دا لە سەریانە ڕزگاریان بێ، بۆ ئەوەی کە ژنان بتوانن بە مافی ڕەوای خۆیان بگەن، بۆ ئەوەی کە هونەرمەندان، کرێکاران و بـاقی سـینف و توێـژەکانی کۆمەڵگاکـەمان بتوانن مـافی خۆیان وەدەست بێنن، شەرتی ئەساسی و نوقتەی ئەسڵی لابردنـی حکوومـەتی کۆمـاری ئیسـلامیە کـە گـەورەترین مانعـە لـە موقابیـل هـەموو ئـازادی و خێـرو خۆشـیەك کـە خەڵکەکەمان دەیهەوێ. هەر وەکوو ئێستا ڕابردووەکەیان نیشـان داو گوێمـان لێبـوو، یەکیـەتیی لاوانـی دیمـۆکراتی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتاوە یـەکێك لـە ئەرکـەکانی خۆی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی ئێران داناوەو لە ڕیزی پێشمەرگەکان داو لە ڕێکخراوەکانی نێو شار و گوندەکان دا، لە کاری هونەری دا، ئەوە بەشێکی ئەساسی بـووە کـە ئێمە لە هەموو مەرحەلەیەك دا بە چاوی خۆمان دەیبینین. کە زیندووترین و نـزیکترین شـاهیدی ئـەو ئیدعایـەش ئـەو قارەمانێتێ بوو کە لاوانی کورد لە کوردستانی ئێران دا لـە ماوەی یەك مانگی ڕابردوودا خولقانـدیان. ئـەو فیداکاری و گیانبازیەیەی کە لاوەکان کردیان و ئەوەی توانیان جارێکی دیکە دەنگی حەق بێژیو مافخوازی بە گوێی هەموو گەلانی ئێران و بە هەموو دنیا ڕابگەیـەنن، هـەروا بـە ئاسـان تـەواو نـەبوو. لـەو پەیوەندیـیەدا بـە دەیـان نەفـەر لـە لاوەکـان شەهید بوون، بە سەدان نەفەر بریندار بـوون کـە تەنانـەت ئیمکانی موداوا کردنیان لە نەخۆشخانەکانیش دا نیـە و بـە سـەدانی دیکـە لـە زیندانـەکانی کۆمـاری ئیسـلامی دان کـە تاکوو ئێستا نـازانین چارەنووسیان بـە کـوێ دەگـا. بـەڵام ئەوە تەجرەبەیەکە کە لاوانی ئێمـە نیشـانیان داوە کـە بـە هیچ کام لەو زەبر و زەنگانـە لـە مەیـدانی بەربـەرەکانی بـۆ وەدیهێنـانی ئازادی و دیمۆکراسی و بۆ گەیشتن بـە ئامانجـە سیاسیەکانی خۆیـان ناسـڵەمێنەوە و بـە چـۆك دا نایـەن.

کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران زۆر جـار ئـەو تاقیکردنەوەیـەی دووپات کردۆتەوە، بەڵام ئێمە بە دڵنیاییـیەوە دەڵـێین کـە ئەگـەر چـەند جـاری دیکـەش ئـەو تەجرەبەیـە دووپـات بکرێتـەوە، ئاکامەکـەی هـەر ئەوەیـە کـە دیومانـە. بۆیـە دەمهـەوێ ئیشـارە بکـەم کـە کـۆنگرەی ئێـوە، کـۆنگرەی سێهەم لـە شـەرایەتێکی حەسساسـی وەکـوو ئـەو کاتـەدا دەبەسترێ. لە لایەکەوە لە سەراسەری ئێران دا لاوەکان لە ژێـر ئـەنواعی تـەوژم و زەبـر و سـەرکوت دان و لـە کوردسـتانیش ڕادەی ئـەو سـەرکوت و زەبـر و زەنگـە موزاعـەف و چـەندین بەرابـەرە. ئـەمن بـە لێهـاتوویی و تێگەیشتوویی‌یەکی کە لە لاوەکانی کوردستان دا دەبینم و بـە تایبـەتی لـە یەکیـەتیی لاوانـی دیمـۆکراتی کوردسـتانی ئێران دا، دڵنیـام کـە لـەو مەرحەلەیـەش دا ئـەوەی کـە لە دەستیان بێ وەکوو ڕابردوو درێغی ناکەن و هـەموو توانا و زانسـتی خۆیـان لـە خزمـەتی بەرەوپێشـچوونی ڕەوتـی دێمۆکراسی لە ئێران و کوردستان دا دادەنێن بۆ ئەوەی کە بتوانن هەموو پێکەوە لاوەکان و هەموو چین و توێژەکانی کوردستان لە ژێر زەبرو زەنگدا ڕزگار بکەن. تەنیا شـتێکی کـە مـاوە، دەمهـەوێ لـەو پەیوەندیـیە دا عـەرزتان بکـەم ئەوەیـە کـە جـارێکی دیکـە ئـەوە دووپـات بکەمـەوە کـە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هـەر وەك ڕابردوو و لە ڕابردووش زیاتر ئامادەیـە بـە هـەر چەشـنێکی کـە لـە دەسـتی دێ، پشـت و پـەنای یەکیـەتیی لاوانـی دیمـۆکراتی کوردسـتانی ئێـران بـێ لـە موبـارزە بـە دژی سەرکوت و زەبرو زەنگێك کە لە سەر لاوەکان و باقی چین و توێژەکانی کۆمەڵگاکەمان لە ئێران و کوردستانی ئێران دا هەیـە. لـەو مەیدانـەدا داوای سـەرکەوتنتان بـۆ دەکـەم و سەرکەوتن بۆ ئێوە لاوانی دیمۆکرات و هەموو لاوانی ئێـران بە دژی زوڵم و زۆرداری.

**سەرکەوتوو بن.**

**جارێکی دیکە کۆنگرەکەتان پیرۆز بێ**

٢٠ی گەلاوێژی ١٣٨٤ی هەتاوی